# بەری تیشکی رۆژ بە بێژنگ ناگیرێ!

دلێر پەروێز /فینلاندا
Ablosh-Dler@hotmail.com

هەق وابوو کوردسات وراگاياندنی يەکێتی و کەسايەتييەکی نوێخوازی وەک مام جلال دەمکوتی ئەو کەسانە بکەن کە چاويان بە ئازادی وپێشکەوتنی گەلی کورد هەڵنايە کە بە ناوی ئاينەوە بە هەوەسی خۆيان کلتورمان دەشێوێنن ومێشکی لاوانمان بە هزری کۆنەپەرست وکلتوری بێگانە بۆگەن دەکەن،نەک بەر لە پەخشکردنی درامای ئاريا بگرن هەر لە بەر ئەوەی چلێسی و راستی کەسايەتی عمامە لە سەرەکان پيشان دەدات کە چەندە بونەتە هۆی شێواندنی کەسايەتی خاوێنی کورد.

گەر ی.ن.ک خۆی بە پارتێکی نوێخواز دەزانێ و هەوڵی پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی دەدات دەبێت هاندەری هونەرمەندان ورۆشنبيران بن تا زياتر رەخنە لە دياردە دزێوەکانی کۆمەڵگە بگرن وبيانخەنە ژێر پرسياری مێشکی تاکەکانيەوە نەوەکو بەبنە داردەستی مەلای کۆڵەوار هەناسەی ئازادی هونەرمەندان بەخنکێنن.

ئەم هەڵوێستە گەر ترس بێت لە دروستکردنی نارەزايەتی مەلاکان و ترسی مەلاکان بێت لە ئاشکرابوونی مێژووی رەشيان ئەوە با يەکێتی بزانێ بەم رەفتارەيان بەر نەفرەتی نوێخوازانی کورد دەکەون ومەلاکانيش بزانن گەل زۆر لەوە هۆشيارترە کە بزانێ چی لە ژێر جبە وعمامەيانە،بۆيە سەردەم سەردەمی رابونە نە مەلا بە هزری تاريکی دەتوانێ بەر لە شاڵاوی عقڵانيەتی ئەم گەلە نوێخوازاە بگرێ نە هيچ دەزگا و لايەنێک لەم مەسەلانەدا سەرکەوتوو دەبێت.

باشتر وايە مەلای شەمشەمە کوێرە کە نەشئە لە تاريکی و سەردەمی جەهالەت وەردەگرێ و بە رووناکی هزری هونەرمەندان کوێر دەبن بزانن لەم سەردەمەدا سەردەمی تەکنۆلۆجيا و جيهانگيری ومەدەنيەت چيتر 12حيکايەتەکانيان بە زانست ناژمێردرێ و کە سايەتيشيان جێگای رێز نييە،بەڵکو مايەی نەفرەتی ئەم گەلەن چونکە بە درێژايی مێژووتان جگە لە کەلتورێکی شەرانگێزو چاندنی تۆی قين ودوو برەکی و ئافرەت کوشتن وتۆڵە وترس و سرينەوەی سۆز و خۆشەويستی و سوتاندنی پەرتوکخانەکانی ئەم گەلە چی خزمەتتێکتان پێشکەشکردووين_؟